# دوو تەوەرەو یەک مەبەست

ئاسۆ حامدی

ماددەی 140 لە دەستووری عێراقدا
بە کورتی دوایین سەردانی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ عێراق و کوردستان ئەم مەسەلەی براندەوە، ئەم ساڵ ریفراندم لە کەرکوک بەرێوە ناچێ. ئەمە لە واقع یانی شکستی هەموو هەوڵەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد. بە ئەوانەی لە دەسەڵات دان و ئەوانەی لە دواوەی دەسەڵات دان. ئەمە بۆ هەموو سیاسیەک و چاودێرێکی مام ناوەندیش رۆشەن بوون، بە قادر عەزیز و بە هەموو ستاقی ماددەی 140 لە بەغدا نەیانتوانی بەندێکی دەستوور جێ بەجێ بکەن، کە خۆی لە خۆیدا ئەم بەندە لە مێژووی سیاسی ناوچەکە گرییەکی ئاڵۆزە و دووری ئەقلیمی زۆری هەیە.

رەنگە ئێمە ئەوەندە ئاگاداری زانیاریەکانی ووردی ئۆپراسیۆنی عێراق نەبین که رەنگە مەحدودیاتی زۆر بۆ سەرکردەسیاسیەکانی کورد هەبێت و ئەجندەی ئەمریکا و رۆژئاوا لە گەڵ دەوڵەتانی ئەقلیم فشارێک بن بۆ ئەم سەرنەکوتنە، ئەمە پاساوی هەرەسی دیپلۆماسیەتی کورد نیە، مێژوو نیشانی داوە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە مفاوەزەکردن و دپلۆماسیەتدا لە دونیای دیپلۆماسی هەرزەکارن، ئەمە لەلایەک لە لایەکی تر نەگەرانەوە بۆ گەلی کورد لایەنێکی تری هەرەس و فەشەلی سەرکردایەتی سیاسی کوردە. ئەم بێ مبالاتیە و پرس نەکردنە و نەخستنە رووی زانیاریەکان بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان هەرچی زیاتر روویان زەرد تر دەکات. لێرەدا بۆ ئەم پرۆسێسە زۆر پرسیار سەر هەڵدەدەن ئایا بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد بە مەسوولیەتەوە مامەڵەی لەم مەسەلە چارەنووسسازە نەکردووە. هۆیەکان چین ئایا فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکانی چین، ئایا دەکرێ لە ساڵی ئایندە ئاماری کەرکوک و ناوجەکانی تر بکریت و ریفراندۆم لەسەر ئەمە بکرێت. یان هەر خاوی پێدەدەن لە نێوان سندانی ئێران و چەکوشی تورکیادا دەمێنێتەوە.
یان ئەوەتە ماددەی 140 قوربانی دیپلۆماسیەتێکی کرچ و کاڵە و ئەو کەسان و ستاقەی کە خەریکی سەرخستنی بوون لەم ئاستەدانین. یان ئەوەتە بەشێکە لە پاشاگەردانی و هەر کەس بەلای خۆیەوە مەسەلەکان کێش دەکات و مزایدە بە مەسەلەیەکی چارەنووسساز دەکرێ. ئەمانە و سەدان پرسیاری تر دەکرێ هەر کەسێک پرسیاری بکات و وەلامەکانیش جوراو جۆر بن بەلام یەک واقع هەیە، سنووری حکومەتی کوردستان لە سێ پارێزگا زیاتر رەت ناکات و هەر وا دوو ئیدارە و دوو وەزیر و دوو فەراش و دوو ... هەیە. پەرلەمانی کوردستان ( داشی دامە) چونکە نوێنەری حزبن و نوێنەری گەل نین ئەوا فەرزکراون هەر ئاواش هەموو شتەکانیان بەسەر فەرز دەکرێ. بە س کارەکانیان بۆ خانەنشینی نەبێ بەکەڵکی چی تر نایێ . جا ئەم زاتانە دەیانەوێ بریار لە سەر ماددەی 140 بدەن، ئەمە تەنها بۆ یاریەکی راگەیاندن نەبێ هیچی تر نین.

دەکرێ بۆ کارتی پیرۆزبایی ساڵی 2008 بنوسین؛
هیوادارین ساڵی ئایندە ساڵی نەمانی گەندەڵی لە کوردستان و سەرکەوتنی ماددەی 140 بێت!

ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان
ئەفسانەیەکی بچوک؛
وولاتێ هەیە، نیە، حکومەتەکۆکەکی هەیە، لە دوو بەشی گەورە پێکهاتووە، لە ناو دووبەشەکەش چەندین بەرە هەیە، لەناو ئەم بەرانەش چەندین ڕەنگ و ڕووی جیا هەیە، لە نێو باڵە گەورەکانی دا ئەویش چەندان ڕەنگ و دەستە ی خەباتگێر و پیاو ماقوڵ و ماستاوچی وگەل فرۆشی ڕابردوو هەیە.. هتد ، هیچ کەس بەرهەمهێن نیە و هەموویان مشەخۆرن. هەر بەلوعەی پارە لەلایەن ئەمریکاییەکان و حکومەتی عێراقی گیراوە هیچ ئەلتەرناتیڤی تر نیە . تەنها سەرمایەی مەسوولەکان نەبێت! نازانم هەروا حاڵی دەبن یان نا بەخۆم دەزانم دەڵێم چی...

لەگەڵ هەموو ئەوانەش هەتا ئێستا ئەم وولاتە لە ئەنجومەنی ئاسایش و ناوەندە دەولیەکان کەس دانی پیانانێ، لە پێش چەند ساڵ لە ئێستا دووباڵەکەش ئیعترافیان بە حکومەتی یەک نەدەکرد. ئێستا وەکو دوو ماددەی کیمیاوی تێکەڵاوی یەکتربوون و لە ئاوی سپی و شینی نێو قووڵایی دەریای سپی ناوەڕاست و ئاوی شیرین و سوێرەکەی دەچێت.

لە باری لێپرسراویەتی مێژوویەوە دەبێ ئەم حکومەتە کە ئێستا هەیە پەرەی پێ بدرێ و لە حکومەتی پارتی و یەکیتی ببێتە حکومەتی خەڵکی کوردستان. ئەمە هەموو خەڵکی کوردستان دەبێ کاری بۆ بکات.
ئەم ئەزموونەی لە کوردستان هەیە دەبێ هەمووومان گەشەی پێ بدەین، سەرفی نەزەر لە ڕەخنە و جیاوازیە قووڵەکانمان لە گەڵ دەسەڵاتدا. ئەم مەسەلەیە ناوخۆیی یە و هەڵبژاردنێک لە ڕۆژگارێ چارەسەری دەکات. زۆر جیایە لە هێرش و سەرکوتە دەرەکیەکان.

ئێستا ئەم وەزعە جەرەیانە سیاسیەی لە کوردستان هەیە  کۆنترۆڵی پارتی و یەکێتییە و هیچی تر. ڕەنگە یەکگرتووی ئیسلامی بتوانێ شیرازەی عیشق و عیلاقەی نێوانیان بگۆڕێ بە چاک و خراپ بەڵام ئەوانی تر هیچیان نە پێ دەکرێ و نە یەکێتی و پارتی حسابیان بۆ دەکەن تەنها بۆ ئیعلام و دیموکراسیەکەی ئێستای دونیایە و  هیچی تر. بۆ زانیاریتان یەکگرتووی ئیسلامیش  ئەوەندە فەزایەی حەرەکەی نیە تا حەرەکەی دژی پارتی و یەکێتی بکات کۆنگرەی قاهیرە ئەمەی بە سادەیی نیشاندا و مەلاکانیان ئەگەر بە کۆنترۆڵی یەکێتی و پارتی نەڕۆن کەواکانیان بای ئاربیجی و 106 هەڵی دەتەکێنی. ( ئەم مامەڵەکردنە نا دیموکراسیانەیە).
سەرکردایەتیەکانی حزبەکانی تر لە کوردستان (ئەوانەی لە بەرە دان لەگەڵ پارتی و یەکێتی )، ئەوانیش بەشداری گەندەڵیەکی چاکن و دەمیان باش چەور دەکرێ و حزبی شوعی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی لەم نێوەدا لە هەموویان ئۆپەرتۆنیست ترن.
حەقە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بە ئاشکرا ڕێسوای ئەم سیاسەتانەی حزبی شوعی کوردستان بکەن کە بە هۆشیاریەوە گەشەیان پێ داوە وئەمەش میراتی هەمان سەرکردایەتی یە کە بەرەیان لە گەڵ حزبی بەعس دروست دەکرد و بەسەر لاشەی ڕابەرانیان وەکو فەهد و سلام عادل و جەمال حەیدەری و سەدان شەهیدی قارەمان دا بازیان دەدا تەنها بۆ مەکسەبێکی شەخسی و حزبی.
بە کورتی ئەحزابە سیاسیەکانی کوردستان جگە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و هەندێ لایەنی تری چەپ کە لە چەندایەتی دا لە ناوەخۆ ڕەنگە تاک و تەرا لە سلێمانی وجودیان هەبێ

بەڵام ئەوانیش دەمێ مەخفی و دەمێ ئاشکرا و دەمێ داوای ئیجازە دەکەن و دەمێ داوای هێرش کردن دەکەن. ڕەنگە ناوی زڕ ئۆپۆزیسۆنیان قابیل بێ و نەبێ.
بەداخەوە ئۆپۆزیسۆن لە کوردستان نەزۆکە و زڕ ئۆپۆزیسیۆنیش بێ بەرنامەیە و منسەجیم نیە و هەر ڕۆژێ باراشێ لە ئاشێ لێ دەکەن. هەروا ئازادیەکان سەرکوت دەکرێن، هەروا ڕۆژنامە ئازادی تەواوی نیە ، ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان بە تەواوی نیە و هەروا حزب لە سەرووی یاسا و وولات و هەموو دام دەزگاکاندایە، ڕەنگە سروشتی جوگرافیای سیاسی لە کوردستان کە هەردەم هەڕەشەی لێ دەکرێت لە لایەن وولاتانی ناوچەکە ئەم زەرفیەت و فرسەتانە نەداتە دەستەوەو هەر وا ئیدامە بە ژیانی سیاسی بدات، یانی هەروا سەرکوت لە لایەن دەسەڵاتداران وەکو سەگێکی هار هەردەم ئامادەیە بۆ تێبەردان لە گیانی خەڵکدا. بەنموونە زڕ ئۆپۆزیسۆنی ڕاست نەوشیروان مستەفا لە زۆر جێگادا ئەمانە دووبارە دەکاتەوە بەڵام خۆی بە چەک وەلامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی دایەوە، کە دەکرا بە زمانێکی تر لەگەڵیان بدوێ. ئەمە لە سەردەمی شاخ دا نە بوو ئەمە سەردەمانی برا کوژی نەبوو، ئەمە لە قرناقاو پشت ئاشان و سەفین نەبوو بەڵکو لە نیوشاری سلێمانی وکاتێ کە حکومەتی کوردستان -یەکێتی لە سلێمانی بوو.
ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان حاڵی وەکو هەموو وەزعەکانی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی کۆمەڵگایە و پڕ بە پێستیەتی .
ئەگەر پەروەردەو فێرکردنی نەوەکان لە ماڵ و قوتابخانە بە لێدان و زۆر بێت دەکرێ کە نەوەکان گەورەبن ئەوا 180 پلە وەربگەڕێن بڵێن ئیستا باسی دیالۆگ و گفتوگۆیە..
حکومەتی ئێستا کابینەی پێنج چەندە وەزیری پارتی و یەکێتی ئەوەندەش جێگری یەکتریان هەیە ئەمە جگە لە دابەشی هەندێ وەزارەتی خەدەمی بە حزبەکانی تر و دەیان بەڕێوەبەر و بریکاری تر هەیە هەموویان دابەشکردووە لە نێوان خۆیان لایەنگرانیاندا هەندێ ناڕازی هەن بەس تەنها بۆ چاوبەستە یە و هیچی تر.
لەوانەیە هەندێ بڵێن بەرەی گۆڕان ت لە بیر چوو یان بەدەیان حزبی تر کە لە ژێرەوە لەلایەن پارتی و یەکیتی و پەکە کە دروستکراون و بەناوی ئۆپۆزیسۆن کاردەکەن.
غیابی هێزی سێ یەم لە کۆمەڵگا زیاتر دەستی بێ بەرنامەیی لە کۆمەڵگا زاڵکردووە و لێپرسراوبوون بە ئەرکەکان و فەرمانەکان بەرامبەر بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بۆتە مەسەلەیەکی لاوەکی.
سەردەمێ مەنسوور حکمەت هێزی سێیەم هێزی یەکەم لە لای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بوو، سلاو لە گیانی پاکی ئەم نەزەرەش وەکو ئەوانیتر چوونە ئەرشیفی ئیرادەگەریەو لە پراکتیکدا وەکو بلقی سەرئاو بوون، کەسیش ڕەخنەی لێ نەگرت.
خۆ ناوچەکانی بارزان و دوکان و قەلاچۆلان وەزعێکی تریان هەیە.لەم ناوچانە هێزی دووەمیش نیە و شەقامێکی فراوانەو هەر کەس بە مەیلی خۆی لێ دەخورێ.
بودجەی وولاتیش کە 17% میزانیەی وولاتی عێراقە یەکەمجار لەم شوێنانە لەنگەر دەگرێ، بۆیە بۆ کرێکارێکی بێکار و قوربانیەکانی ئەنفال و کیمیاوی هەر بە کەوچکی چایە ئەگەر هەبێ، هەزار سلاو لە زەنگەنە بۆ شانۆنامەی خۆتان بگرن هات..

هۆلەند _دیسەمبەری 2007

asohamed@hotmail.com